# التدريس والتنمية الاجتماعية لدى طلبة المرحلة الإعدادية في إطار النظرية السوسيو-ثقافية (ليف فيجوتسكي) ونظرية البيداغوجيا النقدية (باولو فريري)

**أ.د. آرام إبراهيم حسن**

قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين – أربيل، إقليم كوردستان – العراق.
aram.hussen@su.edu.krd

**م.م. هونر كمال قادر**

قسم اللغة الكوردية، كلية التربية/ شقلاوة، جامعة صلاح الدين – أربيل، إقليم كوردستان – العراق.
hunar.qader@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: علم اجتماع التربية، التدريس، التنمية الاجتماعية، ليف فيجوتسكي، باولو فريري.

**كيفية اقتباس البحث**

حسن , آرام إبراهيم , هونر كمال قادر , التدريس والتنمية الاجتماعية لدى طلبة المرحلة الإعدادية في إطار النظرية السوسيو–ثقافية (ليف فيجوتسكي) ونظرية البيداغوجيا النقدية (باولو فريري),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في **Indexed**
**IASJ**

مسجلة في **Registered**
**ROAD**

# Teaching and Social Development among High School Students within the Framework of Socio-Cultural Theory (Lev Vygotsky) and Critical Pedagogy Theory (Paulo Freire)

**Prof. Dr. Aram Ibrahim Hasan**

Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region – Iraq.
aram.hussen@su.edu.krd

**Asst. Lect. Hunar Kamal Qader**

Department of Kurdish Language, College of Education/ Shaqlawa, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region – Iraq.
hunar.qader@su.edu.krd

**Keywords** : Educational Sociology, Teaching, Social Development, Lev Vygotsky, Paulo Freire.

**How To Cite This Article**
Hasan , Aram Ibrahim , Hunar Kamal Qader ,Teaching and Social Development among High School Students within the Framework of Socio-Cultural Theory (Lev Vygotsky) and Critical Pedagogy Theory (Paulo Freire) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This study is extracted from a doctoral thesis titled "The Relationship between Teaching and Students' Social Development: A Field Study in High Schools of Erbil City." The research investigates the correlation between teaching and the social development of high school students within the theoretical frameworks of Lev Vygotsky’s "Socio-Cultural

Theory" and Paulo Freire's "Critical Pedagogy." It critiques the traditional teaching methods that remain dominant in the high schools of the Kurdistan Region, where the teacher is the center of the process and students occupy a passive role. Consequently, this study reveals the significance of the "interactional, dialogic, and student-centered model," emphasizing that teaching is a social interaction process that does not merely provide information but also has a profound impact on students' values, behavior, relationships, and identity. Through an analysis of the two aforementioned theories, the study calls for a transformation in teaching methods and strategies within Erbil's high schools, highlighting the general importance of this model for social development. The findings indicate that commitment to modern teaching systems fosters a sense of responsibility, self-awareness, and freedom of expression among students. Despite the theoretical importance that both socio-cultural theory (Leo Vygotsky) and critical educational theory (Paulo Freire) place on the role of teaching in building social awareness, interaction, dialogue and participation, these two perspectives have not received adequate analysis It links teaching to the social development of students.

This paper adopts a theoretical-analytical method by analyzing the text and basic concepts of both theories; Sociocultural theory (Leo Vygotsky) and critical pedagogical theory (Paulo Freire) related to teaching and social development.

## الملخص

يعد هذا البحث مستلاً من أطروحة دكتوراة بعنوان (علاقة التدريس بالتنمية الاجتماعية للطلبة – دراسة ميدانية في المدارس الإعدادية بمدينة أربيل). يستكشف البحث العلاقة بين التدريس والتنمية الاجتماعية لطلبة المرحلة الإعدادية في سياق "النظرية السوسيو–ثقافية لفيجوتسكي" و"نظرية البيداغوجيا النقدية لباولو فريري". وينتقد البحث الأساليب التقليدية في التدريس التي لا تزال سائدة في مدارس إقليم كوردستان الإعدادية، حيث يظل المعلم هو المحور والطلبة يؤدون دوراً ثانوياً (سلبياً). لذا، يسلط هذا البحث الضوء على أهمية (نموذج التفاعل، والحوار، والتمركز حول الطالب)، ويؤكد أن التدريس هو عملية تفاعل اجتماعي لا تقتصر على تقديم المعلومات فحسب، بل لها تأثير عميق على قيم الطلبة وسلوكهم وعلاقاتهم وهويتهم. ومن خلال تحليل النظريتين المذكورتين، يدعو البحث إلى تغيير أساليب وطرق التدريس في المدارس الإعدادية بمدينة أربيل، ويبرز أهمية هذا النموذج للتنمية الاجتماعية بشكل عام. وتظهر نتائج هذه الدراسة

أن الالتزام بنظام التدريس الحديث يعزز لدى الطلبة الشعور بالمسؤولية، ومعرفة الذات، وحرية التعبير عن الرأي. على الرغم من الأهمية النظرية التي توليها كل من النظرية الاجتماعية الثقافية (ليو فيجوتسكي) والنظرية التربوية النقدية (باولو فريري) لدور التدريس في بناء الوعي الاجتماعي والتفاعل والحوار والمشاركة، إلا أن هاتين النظريتين لم تحظيا بالتحليل الكافي. تربط هذه النظرية التدريس بالتنمية الاجتماعية للطلاب.

تعتمد هذه الورقة البحثية منهجًا نظريًا تحليليًا من خلال تحليل النصوص والمفاهيم الأساسية لكلتا النظريتين؛ النظرية الاجتماعية الثقافية (ليو فيجوتسكي) والنظرية التربوية النقدية (باولو فريري) فيما يتعلق بالتدريس والتنمية الاجتماعية.

## وانەوتنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەنێوان قوتابیانی ئامادەیی لە چوارچێوەی تیۆری سۆسیۆ - کولتووری (لیۆ ڤیگۆتسکی) و تیۆری پێداگۆژی ڕەخنەیی (پاولۆ فرێری)[1]

**پ.د. ئارام ابراهیم حسن، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق.**

aram.hussen@su.edu.krd

**م.ی. هونەر کمال قادر،بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەدین –هەولێر، هەرێمی کوردستان – عێراق.**

hunar.qader@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەرگیراوە لە تێزی دکتۆرا بەناونیشانی (پەیوەندی وانەوتنەوە بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیی قوتابییان - توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری هەولێر). لەم توێژینەوەیەدا پەیوەندی نێوان وانەوتنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قوتابیانی ئامادەیی لە چوارچێوەی (تیۆری سۆسیۆ - کولتووری "ڤیگۆتسکی") و (تیۆری پێداگۆژی ڕەخنەیی "پاولۆ فرێری") دەکۆڵێتەوە. ڕەخنە لە شێوازە تەقلیدییەکانی وانەوتنەوە دەگرێت کە هێشتا لە هەرێمی کوردستان لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا زاڵن. تێیدا مامۆستا سەنتەرە و قوتابیان ڕۆڵی پاشکۆ (پاسیڤ) دەگێڕن. بۆیە ئەم توێژینەوەیە پەردە لەسەر گرنگی (مۆدێلی کارلێککردن، دیالۆگ و قوتابی سەنتەر) هەڵدەماڵێ و جەخت لەوە دەکاتەوە وانەوتنەوە پرۆسەیەکی کارلێکی کۆمەڵایەتییە، کە نەك تەنها زانیاری دەبەخشێت، بەڵکو کاریگەری قووڵی لەسەر بەهاکان، ڕەفتار، پەیوەندی و ناسنامەی قوتابیاندا هەیە. لە ڕێگەی شەن و کەو کردنی هەردوو تیۆری ئاماژەپێکراو، داوای گۆڕینی شێوازو ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە

---

[1] – تێبینی: بڵاوکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە مەرجێکە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، کە وەرگیراوە لە تێزی قوتابی دکتۆرا (هونەر کمال قادر) بە ناونیشانی (پەیوەندی وانەوتنەوە بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قوتابیان – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری هەولێر)، بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (ئارام ابراهیم حسین).

قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری هەولێر دەکات، بەگشتی گرنگی ئەم مۆدێلە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەردەخات. لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەوەمان بۆ دەردەخات پەیوەست بوون بە سیستەمی مۆدێرنەی وانەوتنەوە، قوتابیان هەست بە بەرپرسیارێتی و خودناسی و ئازادی را دەربڕین دەکات.
**کلیلە وشەکان:** کۆمەڵناسی پەروەردەیی، وانەوتنەوە، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، لیۆ ڤیگۆتسکی، پاولۆ فرێری.

## پێشەکی

پۆل کۆمەڵگایەکی بچووکە، لەنێو پۆلدا وانە دەگوترێتەوە، کەواتە ڕەنگدانەوەی بۆ کۆمەڵگا دەبێت و تەنیا فەزای گواستنەوەی مەعریفە نییە بەڵکو کۆمەڵگایەکە، پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەهاکان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قوتابیان تێدا داڕێژراون. بۆیە ئەوەی لەناو پۆلدا ڕوودەدات، تەنها لە چوارچێوەی دیوارەکاندا قەتیس نامێنتەوە، بەڵکو دیوارەکان دەبڕێت و کاردانەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگادا دەبێت.

لە ڕوانگە نەریتییەکانەوە، وانەوتنەوە وەك پرۆسەیەك سەیر دەکرا، کە سنووردارببوو بە گواستنەوەی زانست و زانیاری و پەرەپێدانی کارامەیی ئەکادیمی. بەڵام بەگشتی ئەم تێگەیشتنە لە ئێستادا بە گونجاو نازانرێت و بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی ڕاستەقینەی پەروەردە لە کۆمەڵگادا. وانەوتنەوە چیتر تەنها چالاکییەکی مەعریفی نییە، بەڵکو بۆتە پرۆسەیەکی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە بەشدارە لە داڕشتنی هۆشیاری قوتابیان و بونیادنانی کەسایەتیان و گەشەپێدانی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان. لەم ڕوانگەیەوە ناتوانرێت کاریگەری وانەوتنەوە تەنها لەسەر ئەو بنەمایە هەڵبسەنگێرێت کە مامۆستا پێشکەشی دەکات، بەڵکو بەوە هەڵدەسەنگێردرێت کە قوتابی چی بەدەستی دەهێنێت؟ چۆن کارلێك دەکەن، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پراکتیزە دەکەن و بەشداری لە بەرهەمهێانی مەعریفیدا دەکەن.

لەم چوارچێوەیەدا، گرنگی گواستنەوەی وانەوتنەوە لە (مامۆستا سەنتەر) بۆ (قوتابی سەنتەر) بە ئاشکرا دەردەکەوێت(صابر و سعید، ٢٠٢٥: ٢٥٤). بەپێی دیدگا پەروەردەییە هاوچەرخەکان، ئەرکی مامۆستایان تەنها گواستەوەی زانست و زانیاری نییە، بەڵکو ئەکتەرو ڕێبەری کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیین، ئاسانکاری کارلێك و گفتوگۆی نێو پۆلن و تواناو لێهاتوویی ئەوانە بۆ هاندانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، چاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەرزکردنەوەی تواناکانی پەیوەندیکردن، هاوکاری، بەشداریکردن، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و توخمە سەرەکییەکانی دیکەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قوتابیان.

بەها پەروەردەییە مۆدێرنەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پەروەردە دەبێت بەشداری بکات لە ڕێنماییکردنی ڕەفتار و پەروەردەکردنی گەشەی کەسیی و کۆمەڵایەتی، نەك تەنها بەدەستهێنان و گەیشتن بە سەرکەوتنی ئەکادیمی(احمد، ٢٠٢٥:٢٢٥). بۆیە پەیوەندی و کارلێکی نێوان مامۆستا و قوتابی، ڕەگەزێکی بنەڕتییە لە سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەدا. پیشەی وانەوتنەوە پێویستی بە هەماهەنگی، پەیوەندی و کارلێکی بەردەوام هەیە، کە ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی قوتابیان لەبەرچاو بگرێت. قوتابخانە وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بەکۆمەڵایەتیکردندا، دیارترین ئەکتەر بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ڕۆڵەش، بریتییە

له ماموستایان. زۆرجار یەکەم نموونەن کە قوتابیان لە دەرەوەی خێزانەکانیان کارلێکی لەگەڵدا دەکەن(ڕەمەزان، ۲۰۲۵: ٤١).

بەم پێیە دەتوانرێت وانەوتنەوە وەك سیستەمێکی چالاکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی سەیر بکرێت، کە لەلایەن ماموستایانەوە لە چوارچێوەی ژینگەیەکی فێرکاری و کارلێك کردندا پراکتیزە بکرێت، ئامانجی یارمەتیدانی قوتابیانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان، کە لە لایەنە مەعریفییەکانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. کەواتە ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی نێوان وانەوتنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابیانی ئامادەیی شی دەکاتەوە، بە سوودوەرگرتن لە هەردوو تیۆری، تیۆری سۆسیۆ-کولتووری (لیۆ ڤیگۆتسکی) و تیۆری پێداگۆژی ڕەخنەیی (پاولۆ فرێری).

## ١. میتۆدی توێژینەوە

### ١,١. گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە بەهایەکی تیۆری بەرچاوی هەیە لە بواری کۆمەڵناسی پەروەردەیی بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان وانەوتنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قوتابیان. پەیوەندییەک، کە زۆرجار لە توێژینەوە پێداگۆژییە تەقلیدییەکاندا کەم نوێنەرایەتی دەکرێت. لە کاتێکدا زۆربەی توێژینەوەکان زیاتر جەخت لەسەر دەرئەنجامە مەعریفیەکان یان ئەکادیمییەکان دەکەنەوە، ئەم توێژینەوەیە سەرنجەکان بەرەو ئەرکە کۆمەڵایەتییە فراوانەکانی پەروەردە دەگۆڕێت، لەوانەش گەشەپێدانی پەیوەندیکردن، هاوکاری و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و.. . بەشداری دەکات لە بواری کۆمەڵناسیدا بە زانین و بەدواداچوونی ئەوەی، کە چۆن قوتابخانەکان وەک بریکاری کۆمەڵایەتیکردن کاردەکەن؟ چۆن ڕێگاو شێوازەکانی وانەوتنەوە سەرمایەی کۆمەڵایەتی، پێکهاتە و ناسنامەی قوتابیان و داینامیکی نێوانیان بەهێز دەکات یان ڕێگری لێدەکات. دۆزینەوە و دەرئەنجامەکانی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی تێگەیشتن لە چەمکەکانی وەک، پرۆگرامی شاراوە (المنهج الخفي)، کارلێکی هێمایی و ڕۆڵی ماموستا لە گواستنەوەی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا. بە چەسپاندنی ئەم توێژینەوەیە، بەشدارییەکی کارا و بەنرخ دەبێت بۆ زانستی کۆمەڵناسی و بەتایبەتی کۆمەڵناسی پەروەردەیی.

### ٢,١. کێشەی توێژینەوە

سەرەڕای پێشکەوتنی بەرچاو لە تیۆرییە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکاندا، کە جەخت لەسەر (قوتابی-سەنتەر)، کارلێکی کۆمەڵایەتی، گفتوگۆ و بەشداریکردن لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەدا دەکەنەوە، بەڵام وانەوتنەوە لە زۆرێک لە قوتابخانە ئامادەییەکانی هەرێمی کوردستان هێشتا بە شێوەیەکی زۆر پشت بە ڕێگای تەقلیدی و (ماموستا سەنتەر) دەبەستێت کە گرنگی بە گواستنەوەی زانست و دەستکەوتی ئەکادیمی دەدەن، لە بەرامبەردا ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پشتگوێ دەخەن.

ئەم ڕێگایەی وانەوتنەوە دەرفەتەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەناو پۆلدا کەمدەکاتەوە و گەشەپێدانی توانا کۆمەڵایەتییەکانی قوتابیان و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و توانای بەشداریکردن لە گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە سنووردار دەکات. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردن دەبێت کە قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری بڕیارە بەدیبهێنێت.

سەرەڕای ئەو گرنگییە تیۆرییەی، کە هەردوو تیۆری سۆسیۆ-کلتووری (لیۆ ڤیگۆتسکی) و تیۆری پەروەردەیی ڕەخنەیی (پاولۆ فرێری) دەیخەنە سەر ڕۆڵی وانەوتنەوە لە بنیاتنانی

هۆشیاری کۆمەڵایەتی، کارلێککردن، دیالۆگ و بەشداریکردندا، بەڵام ئەم دوو ڕوانگەیە شیکارییەکی پێویستیان لە چوارچێوەی خوێندنی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان وەرنەگرتووە، بەتایبەتی لەو ڕوانگەیەی کە وانەوتنەوە بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قوتابیان دەبەستێتەوە.
بۆیە ئەم توێژینەوەیە، تیشك دەخاتە سەر سروشتی پەیوەندی نێوان وانەوتنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قوتابیان لە نێوان قوتابیانی ئامادەیی، لەژێر ڕۆشنایی هەردوو تیۆری؛ تیۆری سۆسیۆ-کولتووری (لیۆ ڤیگۆتیسکی)، کە جەخت لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە فێرکردندا دەکاتەوە، هەروەها تیۆری پێداگۆژی ڕەخنەیی (پاولۆ فرێری)، کە ڕەخنە لە فێرکردنی بانکی (تەلقین) دەگرێت و بانگەشە بۆ فێرکردنی دیالۆگ (گفتوگۆ) دەکات.

### ٣,١. ئامانجی توێژینەوە

١- شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان وانەوتنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابیانی ئامادەیی لە شاری هەولێر بەپێی تیۆری تیۆری سۆسیۆ کولتووری (لیۆ ڤیگۆتسکی).
٢- شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان وانەوتنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابیانی ئامادەیی لە شاری هەولێر بەپێی تیۆری پێداگۆژی ڕەخنەیی (پاولۆ فرێری).

### ٤,١. میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی تیۆریی – شیکاریی دەگرێتەبەر بە شیکردنەوەی دەق و چەمکە بنەڕەتییەکانی هەردوو تیۆری؛ تیۆری سۆسیۆ کولتووری (لیۆ ڤیگۆتسکی) و تیۆری پێداگۆژی ڕەخنەیی (پاولۆ فرێری) کە پەیوەستن بە وانەوتنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی.

## ٢. چەمکەکانی توێژینەوە

### ١,٢. وانەوتنەوە

چەمکی وانەوتنەوە، بەیەکێك لە چەمکە باوەکان دادەنرێت، بۆ دیاریکردنی ئەم چەمکە جیاوازی لەنێوان توێژەراندا هەیە. وانە، بابەتێکی فێرکاری ویستراو و بڕیار لەسەردراوە، دادەنرێت بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی(ناصر،٢٠٢٠:٤٩). بەپێی پێناسەی (محەمەد قەتتاوی)؛ کۆمەڵێك ڕێوشوێن و چالاکی پلان بۆ دارێژراو، ڕێکخراو و گونجاو لەخۆ دەگرێت، کە مامۆستا لەمیانەی وتنەوەی بابەتێکی دیاریکراودا پێی هەڵدەستێت، بە ئامانجی بەدیهێنانی فێربوونی ویستراو لای فێرخواز (قطاوي، ٢٠٠٧: 113) (سیوەیلی، ٢٠٢٣: ١٢).
ئەم چەمکە لە ڕوانگە ڕەچاوکراوەکەیدا (تەقلیدی) تەنیا لە گواستنەوەی زانیاری لە مامۆستاوە بۆ قوتابی کورت دەبووەوە، کە تێیدا مامۆستا تاقە سەرچاوەی زانین و لایەنی کارا بوو، لە بەرامبەردا قوتابی ڕۆڵێکی نەرێنی و ناچالاکی هەبوو کە تەنیا لە لەبەرکردنی زانیارییەکاندا کورت دەکرایەوە (الربيعي و المحنە، ٢٠١٧: ٤٦). بەڵام لە چوارچێوە هاوچەرخەکەیدا، وانەوتنەوە گۆڕاوە بۆ کارلێکێکی داینامیکی لە نێوان مامۆستا، قوتابی و پرۆگرام، کە تێیدا چالاکیی زمانەوانی ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ پەیوەندیکردن (المسعودي وأخرون، ٢٠٢٥: ٥٤). ئەم ڕێبازە نوێیە ئامانجی تەنیا پێدانی زانیاری نییە، بەڵکو گەشەپێدانی کارامەیی و بەها و ئاراستە جۆراوجۆرەکانی قوتابییە بۆ ئەوەی بتوانێت لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێت، هەر بۆیە توێژەر وانەوتنەوە وەک پرۆسەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی دەبینێت کە لە ڕێگەی کارلێکی نێوان هەموو ڕەگەزەکانی ژینگەی فێربوونەوە، هەوڵی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و زیادکردنی لێهاتوویی و بەرپرسیارێتی لای قوتابیانی ئامادەیی دەدات.

### ٢,٢. گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

گەشەپێدان، گۆڕین و وەبەرهێنانی گشت توانا و وزە خودی و شارەزاییەکانە، بەشێوەیەك هەمەلایەن بێت و ئازادی و سەربەخۆیی بۆ تاك و کۆمەڵگا دەستەبەر بکات(ناصر، ٢٠٢٠: ١٩٩ – ٢٠٠). زۆرجار گەشە لە ڕێگەی پەرەسەندنی لەسەرخۆوە ڕوودەدات، بەڵام گەشەپێدان پێویستی بە پاڵ و تەکانێکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە دۆخی چەقبەستوویی و دواکەوتووییەوە بەرەو پێشکەوتن و برەوسەندن بگوازێتەوە (حسين، ٢٠١٠: 22). لەم چوارچێوەیەدا (هۆبهاوس - Hobhous) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پێشکەوتنی مرۆڤەکان لەڕووی پەیوەندییە هاوبەشەکانیانەوە، ئەمەشی بە سازان و هاوکۆکبوون لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناوزەندکردووە، چونکە گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ئەو؛ شتێکی وەها ناهێنێتە ئاراوە ئەگەر بێتوو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوونەدات. لەبەر ئەمە دیدی دروستی ئەو بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە گەشەپێدانی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان مرۆڤەکان (شلبي، ١٩٩٩: 141)(مصطفى و مجيد، ٢٠٢٣: ٣٢٥ – ٣٢٦). هاوکات (لوری نیلسۆن - Lory Nelson) ئاماژە بەوە دەکات، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئەو پرۆسەیەیە، ئامانج لێی گەشەپێدانی هۆشیارییە، پشت دەبەستێت بە ئاڵوگۆڕی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و گەشەپێدانی توانای بەرپرسیارێتی و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانیان (فيروز، ٢٠٢٠: ٨٦٦).

لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەدا، توێژەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وەک پرۆسەیەکی مەبەستداری گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەبینێت، کە لە ڕێگەی پەروەردە، ڕاهێنان و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەوە کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری، بەها و کارامەییەکانی قوتابیانی ئامادەیی دەکات، وەک سەرچاوەیەکی مرۆیی گرنگ بۆ ئەوەی بتوانن لە داهاتوودا بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە بونیادنانی کۆمەڵگەدا بکەن.

**.٣,٢. قوتابیانی ئامادەیی:**

قوتابی ئەو تاکەیە کە لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی فەرمی و ئەکادیمیدا سەرقاڵی خوێندنە، بە ئامانجی دەستخستنی زانست و بەدەستهێنانی پسپۆڕی و بڕوانامەی دانپێدانراو (حمەنجم، ٢٠٢٢: 165). هاوکات قوتابی بە چەق پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، کە تێیدا دامەزراوە پەروەردەییەکان لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانەوە هەوڵ دەدەن ئاراستەی بکەن و ئامادەی بکەن تا وەک ئەندامێکی بەرهەمدار بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بکات(زيتون، ٢٠٠٣: 81).

لەم قۆناغەدا قوتابی بە تەمەنی هەرزەکاریدا تێدەپەڕێت و لە خوێندنگەی ئامادەییدا دەخوێنێت، بۆیە پێویستە پابەند بێت بە یاسا و ڕێنماییە ناوخۆییەکانی ئەو دامەزراوەیەی تێیدا دەخوێنێت(قادري، ٢٠١٢: ١٧). بەپێی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق، قوتابی ئامادەیی بەو کەسە پێناسە کراوە کە لە خوێندنگەی ئامادەیی، یان بەشی ئامادەیی کۆمەڵگە پەروەردەییەکان، یان پەیمانگە پیشەییەکان ناوی تۆمار کردووە و بەردەوامە لە خوێندن(لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٢٣: 10).

دەتوانین بەمشێوەیە قوتابی ئامادەیی بناسێنین، بریتییە لەو تاکەی (هەرزەکارەی) کە قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و لە ئێستادا لە یەکێک لە پۆلەکانی (١٠، ١١، ١٢) لە قوتابخانە یان پەیمانگە فەرمییەکان درێژە بە خوێندن دەدات و پابەندە بە ڕێنماییە پەروەردەییەکانەوە بۆ ئەوەی لە پاڵ بەدەستهێنانی زانست و بڕوانامە، وەک سەرمایەیەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە کۆمەڵگەدا ئامادە بکرێن.

**٣. وانەوتنەوە و پۆل لە روانگەی کۆمەڵناسیدا**

**١,٣. وانەوتنەوە لە روانگەی کۆمەڵناسدا**

کاتێك لە روانگەی کۆمەڵناسی توێژینەوە لەسەر وانەوتنەوە دەکرێت، تەنها گواستنەوەی زانیاری نییە لە مامۆستاوە بۆ قوتابی، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، کە تاك لەنێو دامەزراوەی پەروەردەیی کە قوتابخانەیە بە کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە. رەنگدانەوەی کارلێکی نێوان بەها کلتوورییەکان، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی نێوان تاکەکانە. پەیوەندی نێوان کۆمەڵناسی و وانەوتنەوە چەندین ڕەهەندی هەیە، بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە کە مامۆستا بە شارەزا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت. ئەوان زانستە جۆراوجۆرەکانی، وەک دەروونناسی، ئابووری، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، مێژوو و تەنانەت فۆلکلۆریش، لە ئەرکەکانی وانەوتنەوەدا کەڵکی لێ وەردەگرن (Banda & Mutambo, 2016:165). مامۆستا تەنها پەروەردەکار نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی سەرەکی کۆمەڵایەتییە. لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵناسی وانەوتنەوە و ڕۆڵی مامۆستا لە کۆمەڵگادا بابەتی گرنگن لە کۆمەڵناسی پەروەردەدا (شارعپور، ٢٠٢٣: 273). بۆیە وانەوتنەوە وەک پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری لە مامۆستاوە بۆ خوێندکار سەیر ناکرێت، بەڵکو ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە، وەک بەشێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت کە کاریگەری لەسەر پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا هەیە و ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنانەوە یان گۆڕینی بەهاکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. ڕۆڵی مامۆستایان لە سەردەمی پێش پیشەسازیەوە تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەندووە. لە سەرەتادا، مامۆستایان بەرپرسیاربوون لە پەروەردەکردنی ئەخلاق و گواستنەوەی کەلتوور، بەتایبەتی لەنێو گرووپە نوخبەیەکاندا. لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا، سەرنجەکان گۆڕا بۆ تەیارکردنی قوتابیان بەو کارامەییانەی کە پێویستن بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی. لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا مامۆستایان وەک ئاسانکاری زانین سەیر دەکرێن، خۆیان لەگەڵ گۆڕانی خێرایی پێداویستییەکانی پەروەردە و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان دەگونجێنن(Banda & Mutambo, 2016:163).

زانای کۆمەڵناسی (دۆرکهایم - Durkheim) (١٨٥٨ – ١٩١٧) پەروەردەی وەک ئامرازێکی سەرەکی بۆ چاندنی بەها و نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی لە تاکەکاندا دەبینی. توێژینەوەی لەسەر ئەرکی ئەخلاقی قوتابخانەکان و پەیوەندی نێوانیان ئەنجامداوە. بە بڕوای ئەو بەها ئەخلاقیەکان (کە بنەمای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتین) لە ڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە دادەمەزرێن و بەردەوام دەبن. (دورکهایم) پۆل وەک کۆمەڵگەیەکی بچووک وەسف دەکات کە دەبێتە هۆی بەکۆمەڵایەتیبوون. بە واتایەکی دیکە، پۆل ڕۆڵێکی نێوەندگیری دەگێڕێت لە نێوان ژیانی سۆزداری خێزان و ژیانی کۆمەڵایەتی کراوەدا، بەو پێیەی لەسەر بنەمای پرەنسیپ دامەزراوە(شارعپور، ٢٠٢٣: 33). بەپێی ئەم بۆچوونە، پەروەردە ئەرکێکی گرنگی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت بە گواستنەوەی نۆرمە دەستە جەمعیەکان بۆ نەوەکانی ئێستا، بەپێی خواست و بەردەوامی کۆمەڵگا. لەپاڵ ئەمەدا، وانەوتنەوە تەنها ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی زانیاری، بەڵکو لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی ئەخلاقی و ڕێکخراوییە کە ئامانجی دروستکردنی ویژدانی دەستەجەمعیە کە ئەندامانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی بەها و ئەرکی هاوبەشدا یەکدەخات (Hammack , et al., 2017:46).

(ماکس ڤێبەر- Max Weber) (١٨٦٤ – ١٩٢٠) پێیوایە پۆلێنکردنی دەسەڵات (نەریتی، کاریزمایی و یاسایی – عەقڵانی) دەتوانرێت لە چوارچێوەی پۆلدا ببینرێت. وانەوتنەوە بەگشتی دەسەڵاتی یاسایی – عەقڵانی لەخۆدەگرێت، دەسەڵاتی مامۆستا لە نۆرمە دامەزراوەییەکانەوە

سەرچاوە دەگرێت. بەڵام کۆمەڵناسان ئاماژەیان بەوەکردووە، کە فێرکردنی کاریگەرو سەرکەوتوو پێویستی بە لایەنی کاریزمایی و پەیوەندی کەسی هەیە (weber, 1947:328) .

(لیۆ ڤیگۆتسکی - Lev Semyonovich Vygotsky) (1896 - 1934) پێیوایە وانەوتنەوە لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی (پۆل)دا روودەدات. تەواوی پرۆسەی فێربوون پرۆسەیەکی کولتووری کۆمەڵایەتییە کە زمان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. لەم پرۆسەی کۆمەڵایەتییەدا چەندین مرۆڤ (منداڵ و مامۆستا) بەشداریی داهێنان و سۆسیالیزەکردندا دەکەن. مامۆستا دەبێت تواناسازی و شارەزایی باشی هەبێت لە رێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان(سەعید، ٢٠٢٢: 50).

لەلایەکی دیکەوە، هەندێک لە توێژەرانی پەروەردەیی، وانەوتنەوە بە پرۆسەیەکی کارلێککردن پێناسەیان کردووە کە ئامانجی گواستنەوەی زانیاری و ئەزموونە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە چوارچێوەی ژینگەیەکی پەروەردەیی رێکخراودا، ئەمەش پێویستی بە کارلێککردن هەیە لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا لە چوارچێوەی هاندان و پاڵپشتی و پەیوەندیکردندا(ناصر، ٢٠٢٠: 48-49).

بەم مانایە ڕۆڵی مامۆستا تەنها لە گەیاندنی ناوەڕۆکی ئەکادیمیدا سنووردار نییە؛ بەڵکو هاندانی وزەی دەروونی و کۆمەڵایەتی قوتابیان و دروستکردنی ژینگەییەکی پەروەردەیی کە هاندەری گەشەپێدانی هەمەلایەنەیە لەخۆدەگرێت.

زانستی کۆمەڵناسی لێکۆڵینەوە لە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات کاتێک دەچنە ناو پەیوەندییەکی بونیادنەر لەگەڵ تاکەکانی دیکە بە ئامانجی پێکهێنانی ئەزموون، زانین، کولتوور، فێربوون، یان کار. واتە ئەو پەیوەندییانەی کە لە چوارچێوەی پەروەردەیی (فێرکردن و فێرکاری) نێوان تاکەکاندا روودەدەن، جا چ لە نێوان خودی قوتابیاندا بێت، یان لە نێوان قوتابی و مامۆستا، پاشان لە نێوان قوتابی و هەموو مامۆستاکان و لە نێوان هەموو فەرمانبەرانی دامەزراوە پەروەردەییەکان و سیستەمی پەروەردەیی بە گشتی (ناصر، ٢٠٢٠: ١١).

بۆیە لێکدانەوە پەروەردەییەکان سنووردارن بۆ لایەنە پەروەردەیی و مەعریفیەکانی فێربوون. ئەوان جەخت لەسەر شێواز و ئەنجامەکانی وانەوتنەوە دەکەن، کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕێگەی نمرەکانی قوتابیان و سەرکەوتنی ئەکادیمی هەڵدەسەنگێنرێن، بەڵام ئەم جۆرە دیدگایانە ڕۆڵی فراوانتری وانەوتنەوە بە تەواوی ناگرێتەوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە لە گواستنەوەی زانیاری درێژ دەبێتەوە بۆ بەکۆمەڵایەتیبوون، گواستنەوەی نۆرم و بەهاکان، دووبارە بەرهەمهێنانەوە یان گۆڕینی کولتوور و کارلێکەکانی نێوان (مامۆستا، قوتابی و پرۆگرام) دواتر کۆمەڵگە.

### ٢,٣. کۆمەڵناسی پۆل (Classroom sociology)

توێژینەوە دەربارەی گرووپێکی بچووك، دەتوانرێت لە پۆلی وانەخوێندندا بەتایبەتی پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخوازاندا جێبەجێبکرێت(شارعپور، ٢٠٢٣: ٢٠٤ -٢٠٥). پۆلەکان فەزای جیاوازن کە بۆ فێربوون و سەرکەوتن داڕێژراون. بەڵام ئەمە تەنیا تاقیگەی میکانیکی نییە بۆ فێربوون، بەڵکو شوێنی کۆمەڵایەتین کە پەیوەندییە کەسییەکان، هەستەکان، هەڵوێستەکان، ڕۆڵەکان و کارلێکەکان لەخۆدەگرێت؛ بە کورتی ژینگەی کۆمەڵایەتین و دەتوانرێت کۆمەڵگاییەکی بەهێز لە پۆلدا بونیادبنرێت. مامۆستا و قوتابیان گروپێکی کۆمەڵاییەتی ناوازە و یەکگرتوو پێکدەهێنن، کارلێک و ڕووبەڕوو لە نێوان ئەندامانی پۆلدا، چوارچێوەییەکی کۆمەڵایەتی لە پۆلدا دروست دەکەن، کە ئەمەش بابەتی (کۆمەڵناسی پۆل) ( Classroom sociology)ە (İlhan, et al., 2023:32). لەگەڵ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی قوتابیان و

مامۆستایان بە تێپەڕبوونی کات لە ڕێگەی کارلێککردن و ئامانجە هاوبەشەکانەوە، هێزە کۆمەڵایەتییەکان سەرهەڵدەدەن کە یان فێربوون ئاسان دەکەن یان ڕێگری لێدەکەن (Hirschy & Wilson, 2002:86-87). کۆمەڵناسی پۆل ئاماژەیە بۆ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پۆل و زاراوەیەکی فراوانە کە ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی قوتابیان و مامۆستا و ناسنامە و پێگە و پەیوەندییەکانی دەسەڵات و نۆرم و ڕۆتین و ڕێوڕەسم و زمان و... دەگرێتەوە کە لە پۆلدا هەن(İlhan, et al., 2023:32). لە بنەڕەتدا هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکەکان کە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی پۆلدا ڕوودەدەن. هەروەك (جۆزێف ئەلبێرز – Josef Albers) (١٨٨٨ – ١٩٧٦) بە ئاماژەدان بە (ئەنتۆنی گیدنز- Anthony Giddens) (١٩٣٨ – لە ژیاندا ماوە) و (پیتەر لودویگ بێرگەر- Peter Ludwig Berger) (١٩٢٩ – ٢٠١٧) و (تۆماس لوکمان- Thomas Luckmann) (١٩٢٧ – ٢٠١٦) دەڵێت: واقیعە کۆمەڵایەتییەکانمان لە کاتی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا بنیات دەنرێن(ATKINSON, et al., 2009:238) . (پارسۆنز) لە ڕوانگەی تیۆرییەوە پۆلی وانەخوێندنی وەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی شیکردۆتەوە. بەبڕوای ئەو پۆل دوو ئەرکی گرنگی هەیە:

یەکەم: دەتوانین پۆلی وانە خوێندن وەك هۆکارێکی بەکۆمەڵایەتیبوون دابنێین، بەو مانایەی کە پۆل ئامرازێکە بەهۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵگە فێردەبن تا بخوێن و بتوانن ڕۆڵی خۆیان بەباشی لە سیستەمدا بگێڕن.

دووەم: پۆلی وانە خوێندن یەکێکە لە هۆکارەکانی دیاریکردنی هێزی مرۆیی. واتا ئەوە قوتابخانەیە کە تاك بۆ پیشەی تایبەت لە کۆمەڵگەدا هەڵدەبژێرێت. لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێین کە سەرکەوتنی فێرخوازان لە قوتابخانەدا کاریگەری لەسەر پیشەی داهاتوویان هەیە (شارعپور، ٢٠٢٣: ٢٠٧-٢٠٨). کەواتە پۆلەکان شوێنێکی کۆمەڵایەتین، کە قوتابیان تێیدا کارلێک دەکەن، پەیوەندی دروست دەکەن، هەستەکان ئەزموون دەکەن و وابەستەیی دروست دەکەن، کاریگەری لەسەر ئاستی خوێندن و گەشەپێدانی قوتابیاندا هەیە.

**٤. چوارچێوەی تیۆری**

تیۆری زانستی (Scientific Theory) بەگشتی؛ جێگەیەکی تایبەتی لە توێژینەوەی زانستیدا هەیە، جا بابەتی ئەم توێژینەوەیە دەربارەی دیاردەیەکی سروشتی یان مرۆیی بێت. بەشێك لە توێژەران بۆ دیاریکردنی (ناسنامە)ی هەر زانستێك لە زانستەکان بایەخێکی تایبەتی پێدەدەن و پشتی پێدەبەستن (زێباری، ٢٠١٧: ١٩). لەم توێژینەوەیەدا تیشك خراوەتە سەر تیۆرەکانی سۆسیۆ کولتووری، فەیلەسوفی ڕووسی لە بواری پەروەردە (لیۆ ڤیگۆتسکی) و هەروەها تیۆری پێداگۆژی ڕەخنەیی، فەیلەسوفی بەڕازیلی (پاولۆ فرێری).

**١,٤. تیۆری سۆسیۆ کولتووری (لیۆ ڤیگۆتسکی – Lev Vygotsky) (١٨٩٦ – ١٩٣٤)**

لیۆ ڤیگۆتسکی وەک تیۆریستێکی (مێژوویی-کولتووری) و (کارلێکگەری) دەناسرێت (Pasqualotto, et al., 2015:1844). بنەما بنچینەییەکانی (ڤیگۆتسکی) لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە مرۆڤ بوونەوەرێکی بایۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژووییە. کارە قورسەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە کام لەم گۆشەنیگایانە ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەکانی گەشەکردن و فێربووندا دەبینن. هەڵبژاردنی هەر یەکێك لەم گۆشەنیگایانە بە تەنها، دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە لایەنێك یان چەند لایەنێکی گرنگی مرۆڤ لە دەست بدەین. تیۆری سۆسیۆ-کولتووری هەموو ئەو گۆشەنیگایانەمان بەیەکەوە بۆ کۆ دەکاتەو و دەمانگەیەنێتە ئەو بۆچوونەوەی ئێمە بەبێ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(ئامرازە کولتوورییەکان)[٢]، هەرگیز نەماندەتوانی بگەینە ئەو ئاستە بەرزەی ئەمڕۆ هەمانە. بە دارشتنەوەیەکی دیکە، مرۆڤ تەنها بریتیی نییە لە جەستەیەکی بایەلۆژی و بەو هۆیەیشەوە نییە کە ئەو گەشە دەکات و فێر دەبێ، بەڵکو بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازە کولتوورییەکانەوەیە کە دەتوانێ هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت و داهێنانی نوێ تۆمار بکات(سەعید، ٢٠٢٠: ٤٧)

**1.1.4. ڕۆڵی کارلێکی کۆمەڵایەتی و نێوەندگیری (Mediation)**

بەشێکی بنەڕەتی تیۆرییەکەی (ڤیگۆتسکی) تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی کارلێك و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. بە بڕوای ئەو، تاك لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا گەورە دەبێت و لەوانیشەوە زانیارییەکان لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەراکسیۆنی کۆمەڵایەتییەوە بەدەستدەهێنرێت(سەعید، ٢٠٢٠: 50). دەتوانرێت کارلێکی کۆمەڵایەتی وەک کردارێک تایبەتمەند بکرێت کە مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت، کە تێیدا تاک لە ڕێگەی (نێوەندگیری)٣ زمان، سیمبوڵ، هێما و ئامرازەکانەوە پەیوەندی لەگەڵ تاکێکی دیکەدا دروست دەکات (Rahmatirad, 2020, 24)(Pasqualotto, et al., 2015:1845). هەروەها لە کاتی چالاکییە بەکۆمەڵەکانیشدا لاسایی ئەوانی دیکە دەکاتەوە، بەوەش دەتوانێت زیاتر فێرببێت و کاری زیاتر بکات وەك لەوەی بەتەنیا بێت(سەعید، ٢٠٢٠: 156). هەر بۆیە ڕەگ و ڕیشەی ئەم تیۆرە لەو بیرۆکەیەدا هاتووە، کە گەشەپێدانی مرۆڤ پرۆسەیەکی نێوەندگیری کۆمەڵایەتییە. بە پێچەوانەی (ژان پیاژێ - Jean Piaget) (1896 -1980) کە پێداگیری لەسەر گەشەی مەعریفیی تاکەکەسی دەکردەوە. لێرەدا ڤیگۆتسکی پێداگری دەکات کە فێربوون لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە(Rahmatirad, 2020:27)، کە لە ڕێگەی هاوکاریی (کەسانی زاناتر) وەک: (مامۆستا، هاوتەمەن، ئەندامانی خێزان) و لە ڕێگەی بەشداریکردن لەگەڵ ئامرازە کولتوورییەکان، زانیاری و لێهاتوویی بەدەست بهێنرێت (Vygotsky & Cole, 1978: 57).

**2.1.4. پرۆسەی بەناوەکیکردن (Internalization) و (نزیکترین زۆنی گەشەکردن (ZPD)**

[٢] - کۆمەڵێك ئامرازن کە گرووپێك یان میللەتێك بەدرێژایی مێژوو بەکاریان دەهێنێت، یان بۆ وەبیرهێناوەو پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ یەکتردا دروستی کردوون. ئەم ئامرازانە بەسەر دوو کاتەگۆریدا دابەش بوون: ئامرازە دەروونییەکان و ئامرازە ماددییەکان. ئامرازە دەروونییەکان کە گۆڕانکاریی گەورەیان لە مێژوودا دروستکردووە، بریتین لە زمان (نووسین، خوێندن، گوێگرتن و قسەکردن)، سیمبۆلەکان و هێماکان. ئامرازە ماددییەکانیش بریتین لە فیلم، موزیك، کۆمپیوتەر، پێنووس و هەموو ئەو ئامێرو کەرەستانەی مرۆڤ بۆ ژیانی خۆی دروستی کردووەن (سەعید، ٢٠٢٠: ٣١٧).

[٣]- نێوەندگیری (نێوبەندی) بە مانای لە ڕێگەی یان بەهۆی شتێکەوە، دێتەوە. بۆ نموونە مامۆستاکان بە نێوەندگیریی وێنە یان زمان، وانە بە قوتابیان دەڵێنەوە، واتە گەیاندنی ئەو وانەیە بە نێوەندگیری (لە ڕێگەی) ئامرازێکی کولتوورییەوەیە، کە لێرەدا بریتییە لە وێنە یان زمان(سەعید، ٢٠٢٠: ٣٤٨)

لە کاتی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا، قوتابیان لە ڕێگەی گفتوگۆ و کاری هاوبەشەوە بیروڕا و ئەزموون ئاڵوگۆڕ دەکەن. ئەم پرۆسەیە یارمەتییان دەدات بۆ بونیادنانی ستراکچەرە مەعریفییەکانیان و گواستنەوەی کردارە پراکتییەکان بۆ ئاستێکی ئەبستراکت و چەسپاندنیان لە ناخی خۆیاندا، کە ئەمەش پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێی دەوترێت (بەناوەکیکردن)[٤] (Rahmatirad, 2020, 26). بەمەش زمان دوو ڕۆڵی گرینگی دەگێڕێت، لە دۆخی کارلێکی کۆمەڵایەتی وەک ئامرازی پەیوەندیکردن و پاشان ئەم زمانە وەک ئامراز دەگۆڕێت بۆ زمانی ناوەکی و چالاکییەکان دووبارە دەکاتەوە بەشێوەی مێنتاڵی لە ڕێگەی پرۆسەیەک کە پێی دەڵێن بەناوەکیکردن.

لەم سۆنگەیەوە، ڤیگۆتسکی چەمکی (نزیکترین زۆنی گەشەکردن) ( The Zone of Proximal Development)[٥] دارِشت، کە بریتییە لەو مەودایەی کە قوتابی بە تەنها ناتوانێت بیبڕێت، بەڵام بە هاوکاریی و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەی بە ئەزموونتر (بە تایبەت مامۆستا) پێی دەگات(Pasqualotto, et al.,2015:1844). ئەمەش ڕۆڵی باڵای مامۆستا دەردەخات کە دەتوانێت وا لە قوتابی بکات کارێک ئەنجام بدات کە بە تەنها توانای نییە. ئەمەش ئەوە دەردەخات ڤیگۆتسکی هاندەرێکی بەهێزی فێربوونی هاوبەش بووە و پێداگیری لەسەر کاری پێکەوەیی دەکرد(Vygotsky & Cole, 1978: 131) . هەر بۆیە ئەم تیۆرە دواتر کاریگەریی گەورەی لەسەر دیداکتیك، پرۆگرامەکانی خوێندن و کاری مامۆستایان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دانا.

هەروەها خاڵێکی زۆر گرنگ هاوپەیوەست بەم بابەتەی سەرەوە، ڕۆڵی مامۆستایان بوو، (ڤیگۆتسکی) لەوەدا سەرکەوتوو بوو ڕۆڵی مامۆستایان بەرزتر بنرخێنێ و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە مامۆستایان دەتوانن کارێك بکەن کە قوتابیان ناتوانن بەتەنیا بیکەن(سەعید، ٢٠٢٠: 31). لە هەمان کاتدا ناوبراو لێکەوتەکان دەردەخات و ئاماژە بەوە دەکات، کە پێویستە قوتابی لەسەر پێیەکانی خۆی ڕابگرین، بواری ئەوەی پێبدەین بکەوێت و هەستێتەوە سەر پێ، بەرگەی ئازارەکانی دوای شۆك بگرێ و ڕێڕەوی خۆی هەڵبژێرێ(سەعید، ٢٠٢٠: 31).

بۆیە ئەم تیۆرە کاریگەریی قووڵی لەسەر کایەی پەروەردە هەیە، جەخت لەسەر شێوازی وانەوتنەوە، ڕۆڵی زمان و هێماکان، هەروەها فێربوونی هاوبەش دەکاتەوە. هەریەکە لەمانە کاریگەری لەسەر فێربوونی کارامەیی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کاری بەکۆمەڵ،

---

[٤] – پرۆسەی بەناوەکیکردن بەمانای ئەوە دێت، کە مرۆڤ شتێك دەباتە ناخی خۆیەوە و لەناو مێشك و زەینی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، تا بەسەر ئەو شتەدا زاڵ دەبێت و دەبێتە بەشێك لە ستراکچەرەکانی بیرکردنەوەی خۆی. واتە هەر کات ئەو مرۆڤە تووشی گرفتێك بوو پەیوەندی بە هەمان بابەتەوە هەبوو، ئەم پێویستی بەوە نییە زۆر بیری لێبکاتەوە، چونکە فۆرمێکی بیرکردنەوەی ئامادەکراوی لەو بارەیەوە هەیە(سەعید، ٢٠٢٠: ٦٢).

[٥]- نزیکترین زۆنی گەشەکردن ( ZPD) باس لەوە دەکات منداڵان (قوتابیان) بۆ ئەوەی ئاستیان بەرز ببێتەوە، پێویستیان بە هاوکاریی کەسانی بەتواناتر لەخۆیان هەیە. مەرج نییە ئەو کەسانە مامۆستا بن، بەڵام مەرجە ئاستی ئەوان لە ئاستی ئەو کەسانەی هاوکارییان دەکەن، بەرزتر بێت. بۆ نموونە قوتابییەکی پۆلی نۆیەم دەتوانێ وانە بە قوتابییەکی پۆلی حەوتەم بڵێتەوە(سەعید، ٢٠٢٠: ٣٤٨).

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، چارەسەرکردنی کێشەکان... هەیە، کە ئەمەش وەک بنەمای گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

**3.1.4. گفتوگۆ و دەرئەنجامی تیۆری سۆسیۆ - کولتووری (لیۆ ڤیگۆتسکی):**

گەشەپێدانی مەعریفی و کۆمەڵایەتی لەیەکتر جیا ناکرێنەوە و هەمیشە لەناو چوارچێوەی کولتووری و کۆمەڵایەتیدا چەسپاون. قوتابی لە ڕووی فیکری و کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەی شارەزاتر (بۆ نموونە مامۆستا، هاوتەمەن) و لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە کولتوورییەکان، وەک زمان، هێما و چالاکییە هاوبەشەکانەوە گەشە دەکات. مامۆستایان تەنها دابینکاری زانیاری نین، بەڵکو بەشدارییەکی چالاکن لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قوتابیان، لە ڕێگەی کارلێکی لەگەڵ قوتابیاندا، مامۆستایان دەتوانن یارمەتی قوتابیان بدەن لە وابەستەییەوە بۆ سەربەخۆیی بگوازرێنەوە و فێری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و تواناکانی پەیوەندی بن. بەمەش ڕێگاو شێوازی وانەوتنەوە کاریگەری لەسەر متمانەی کۆمەڵایەتی و هاوکاری و لێهاتوویی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی قوتابیاندا دەبێت. قوتابیان باشتر فێردەبن کاتێك پێکەوە کاربکەن لە چارەسەرکردنی کێشە و گفتوگۆی هاوبەشدا، کە ئەمەش گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی فێربوونی هاوبەش. جگە لەمەش زمان تەنها ئامرازێکی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو بونیادنەری بیرکردنەوە و فێربوون و ناسنامەیە. گفتوگۆی مامۆستا و قوتابی لە پۆلدا، کاریگەری لەسەر توانای قوتابیاندا هەیە و بەشداری لە بەناوکیکردنی نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی، وایان لێدەکات بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن. قوتابیان لە ڕێگەی کارلێکی پۆلەوە، هەست بەبوونی خۆیان دەکەن. لەلایەکی دیکەوە گەشەپێدانی قوتابیان پەیوەستە بە جەختکردنەوە لەسەر ئامرازە کولتورییەکان و ژینگەی قوتابخانە وەك: نۆرمەکانی قوتابخانە، کەرەستەی فێرکاری، شێوازی پەیوەندیکردن و پرۆگرامی خوێندن.

**2.4. تیۆری پێداگۆژی ڕەخنەیی (پاولۆ فرێری - Paulo Freire) (١٩٢١ – ١٩٩٧)**

(پاولۆ فرێری) وەک یەکێک لە دیارترین بیرمەندانی بواری پەروەردە، دیدگایەکی نوێی بۆ پرۆسەی فێرکاری هێنایە کایەوە کە تێیدا پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ ڕزگاریی کۆمەڵایەتی دەبینێت. (فرێری) کە ئەزموونەکەی لە واقیعی هەژاری و نەخوێندەواریی بەڕازیلەوە سەرچاوەی گرتووە، فەلسەفەیەکی پەروەردەیی ڕەخنەگرانەی گەڵاڵە کرد کە ئامانجی دروستکردنی هۆشیاریی ڕەخنەگرانەیە لای قوتابیان. بە بڕوای ئەو، فێرکاری نابێت پرۆسەی (تەلقین) بێت، بەڵکو دەبێت ببێتە هۆی ئەوەی تاک لە واقیعی ستەملێکراوی خۆی تێبگات و هەوڵی گۆڕینی بدات (Reis & Santos, 2021:60 ).

بیرۆکەکانی فرێری ڕەگ و ڕیشەیان لەگەڵ تێزی بیرمەندانی دیکەدا هەیە؛ وەک ڕەخنەکانی (ژان ژاک ڕۆسۆ) لە پەروەردەی نەریتی لە کتێبی (ئیمیل)، هەروەها ئەزموونی (خەلیل سەلاکینی) لە فەلەستین دژ بە فێرکاریی لەبەرکردن. هاوکات دەنگدانەوەی فەلسەفەکەی لە تیۆری (هەژموونی کولتووری) (ئەنتۆنیۆ گرامشی- Antonio Gramsci) (١٨٩١ – ١٩٣٧) بەتایبەت چەمکی (کلتووری ئۆرگانیک)، و لە شیکاری (پییێر بۆردیۆ - Pierre Bourdieu) (١٩٣٠ – ٢٠٠٢) بۆ (توندوتیژیی سیمبۆلی)، و هەروەها لە کارەکانی (هێنری گیرۆکس -Henry Giroux) (١٩٤٣ – لە ژیاندا ماوە) دا دەبینرێتەوە، کە پەرەی بە پەروەردەی ڕەخنەگرانە داوە(السيف واخرون، ٢٠١٩: 86-88).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

فەلسەفەی پەروەردەیی پاولۆ فرێری بە کۆڵەکەی سەرەکیی (پەروەردەی گۆڕانکاریخواز- Transformative Education) و ڕزگاریخواز دادەنرێت، کە ئامانجی سەرەکیی گەشەپێدانی هۆشیاریی ڕەخنەیی و بەهێزکردنی (Empowerment) فێرخوازانە. میتۆدۆلۆژیای فرێری بەتوندی تەحەدای مۆدێلە تەقلیدییەکان دەکات و لە بری ئەوە بانگەشە بۆ (پەروەردەی کێشەخستنەڕوو - Problem-posing Education) دەکات، کە لەسەر بنەمای دیالۆگ دامەزراوە؛ پرۆسەیەک هانی فێرخوازان دەدات ببنە بکەرێکی کارا لە پرۆسەی فێربوونی خۆیاندا. تێزەکانی فرێری کاریگەریی قووڵیان لەسەر چوارچێوە پەروەردەییە جیاوازەکان هەبووە، بەوەی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە (مۆدێلی بانکی-Banking Model) ەوە بەرەو مۆدێلی کارلێککار و تێڕامان (Reflective)دروست کردووە. ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە جیهان و هاندەرێک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

### 1.2.4. لە (فێرکردنی بانکی)یەوە بۆ (فێرکردنی دیالۆگئامێز)

#### ١.1.2.4. فێرکردنی بانکی (Banking Model):

فرێری بە توندی ڕەخنە لە سیستەمی فێرکردنی نەریتی دەگرێت و بە مۆدێلی (بانکی) ناوزەدی دەکات. لەم مۆدێلەدا:

- مامۆستا وەک خاوەن و کۆگای زانست دەردەکەوێت و قوتابی وەک (قوتوویەکی بەتاڵ) یان (هەژمارێکی بانکی)سەیر دەکرێت کە دەبێت پڕ بکرێتەوە.

- زانین وەک کەرەستەیەکی جێگیر و داخراو لە مامۆستاوە بۆ قوتابی دەگوازرێتەوە.

- پەیوەندییەکە، پەیوەندییەکی (دەسەڵاتخوازانە) و ناهاوسەنگە؛ مامۆستا هەموو شتێک دەزانێت و قوتابی هیچ نازانێت(Freire, 2005: 72).

ئەم شێوازە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەیەکە کە لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردن و ملکەچپێکردن دامەزراوە، کە تێیدا قوتابی تەنها وەک وەرگرێکی نەرێنی (پاسیف)ی مەعریفە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، نەک وەک بەشداربوویەکی کارا لە پرۆسەی فێربووندا. هەر بۆیە (فرێری) ئەم جۆرە فێرکارییە بە کرداری (نیکرۆفیل -Necrophilia ) (خۆشەویستی بۆ مردووان) دەچوێنێت، چونکە مامەلە لەگەڵ زانیارییەك دەكات وەك ماددەیەکی مردوو وایە و گیانی داهێنان لای قوتابیاندا دەکوژێت و بەڵکو دەیانکات بە شتگەلێك، کە ژیانیان تێدا نییە(freire, 2005:76). لە بەرامبەردا، ئەو بانگەشە بۆ (پەروەردەی کێشەخستنەڕوو - Problem-posing Education) دەکات؛ میتۆدێکە کە لەسەر بنەمای دیالۆگ دامەزراوە و هاندەری بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و تێڕامانە لەلایەن فێرخوازانەوە. ئەم شێوازە ژینگەیەکی فێربوونی هاوبەش دەخوڵقێنێت کە تێیدا مامۆستا و فێرخواز لە ڕێگەی گفتوگۆییەکی بەرهەمدارەوە بەشداری دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی مەعریفیی هەردوولا ( Shih, 2018:231).

#### خەسڵەتەکانی مامۆستا لە سیستەمی بانکیدا:

1- خاوەنی ڕەهای پرۆسەی فێرکردنە.
٢.- تاکە کەسە کە مافی بیرکردنەوە و قسەکردنی هەیە.
٣- بەرپرسی دیسپلین و دیاریکردنی ناوەڕۆکە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕا وبۆچوونی قوتابی.
٤- دەسەڵاتی زانستی و پیشەیی خۆی بۆ سەپاندنی بێدەنگی بەسەر قوتابیاندا بەکار دەهێنێت (فرێری، ٢٠١٥: ٢٨).

### ٢.1.2.4. فێرکردنی ڕزگاربەخش/ دیالۆگئامێز (Dialogical Model):

وەک جێگرەوە، فرێری مۆدێلی (فێرکردنی ڕزگاربەخش) پێشکەش دەکات کە کرۆکەکەی بریتییە لە (دیالۆگ). بە بڕوای ئەو (وشە) تەنها ئامرازی قسەکردن نییە، بەڵکو یەکگرتنی بیرکردنەوە و کردارە .لەم مۆدێلەدا:

- دیواری نێوان مامۆستا و قوتابی دەشکێنرێت؛ هەردوولا لە یەک کاتدا فێرکار و فێرخوازن.

- پەروەردە دەبێتە پرۆسەیەکی لێکۆڵینەوەی هاوبەش بۆ دۆزینەوەی واقیع و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

- ئامانج لێی بەئاگاهێنانەوەی هۆشیاری و هاندانی قوتابییە بۆ بەشداریی کارا لە کۆمەڵگەدا(Freire, 2005: 78).

لەم چوارچێوەیەدا، (فرێری)، جەخت لەسەر سەنتەربوونی گفتوگۆی نێوان مامۆستا و قوتابی دەکاتەوە وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ گەڵاڵەکردنی هۆشیاریی ڕەخنەیی. ئەم ڕێبازە هاندەری ڕێزگرتنی دوولایەنە و (بونیادنانی مەعریفە هاوبەشە - Co-construction of knowledge)، کە ڕێگە بە قوتابیان دەدات پرسیار بوروژێنن و لە واقیعی خۆیان ڕابمێنن (Shih, 2018:232). لەم ڕوانگەیەوە ئەم پرۆسەیە بە چەندین بەهای وەک نەرمی (Humility)، هیوا، متمانە، خۆشەویستی و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی تایبەتمەندە، کە سەرجەمیان مەرجی پێویستن بۆ دیالۆگی کاریگەر و پەروەردەی گۆڕانکاریخواز (Reis & Santos, 2020:61) .

**خەسڵەتەکانی مامۆستا لە سیستەمی دیالۆگدا:**
١- هۆشیارە بە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە.
٢- خاوەن ڕۆشنبیرییەکی فراوانی پەروەردەیی و دەروونییە.
٣- باوەڕی بە پرەنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی هەیە.
٤- کارئاسانی بۆ دروستکردنی پەیوەندی و گفتوگۆ لەنێوان قوتابیاندا دەکات.
٥- هانی شێوازی چارەسەرکردنی گرفتەکان دەدات وەک ڕێگەیەک بۆ فێربوون (فرێری، ٢٠١٥: ٣٠-٣١).

جگە لەمانەش، بنەما پێداگۆجییەکانی (فرێری) پشتیوانی لە (ئۆتۆنۆمی)ی مامۆستا دەکەن و هانیان دەدەن بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدانی پیشەیی بەردەوام و (پراکتیکی تێڕامان - Reflective practice). ئەم بەهێزکردنەی مامۆستایان مەرجێکی گرنگە بۆ فەراهەمکردنی ژینگەیەکی فێرکاریی دیموکراسی و ڕزگاریخواز، بەکارهێنانی بنەماکانی فرێری لە بەرنامەکانی

ڕاهێنانی مامۆستایاندا، بەمەش گرنگیی تێکەڵکردنی پێداگۆجیی ڕەخنەیی لە گەشەپێدانی پیشەییدا دەردەخات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پراکتیکەکانی وانەوتنەوە(السيف واخرون، ٢٠١٩: 86-88)، هەوڵ بدات ژینگەیەکی وا دروست بکات کە قوتابی تێیدا هەست بە ئاسایش بکات بۆ دەربڕینی ڕای خۆی و ڕەخنەگرتن لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیت.

**٣.1.2.4. گفتوگۆ و دەرئەنجامی تیۆری پەروەردەی ڕەخنەیی (پاولۆ فرێری):**

لە کۆی گشتی ئەو بۆچوونی تیۆری (پاولۆ فرێری)، کەموکوڕییەکانی پراکتیزەکردنی سیستەمی پەروەردەی باو ئاشکرا دەکرێن، کە لەسەر میتۆدی (بانکی) بونیادنراوە. لەم چوارچێوەیەشدا سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا بەدەر نییە لەم میتۆدە و تەڵقین و ئامرازەکانی بەشێوەیەکی فراوان پێڕەو دەکرێت. کە لەم شێوازەدا دەسەڵاتی مامۆستا دەچەسپێنێت و بە تاکە سەرچاوەی عەمباری زانیاری دادەنرێت، لە بەرامبەردا ڕێگە بە قوتابیان نادات چالاکانە بەشداری بکەن، بەڵکو لە ڕۆڵی وەرگر، ناچالاك و گوێگر (پاسیف)دا قەتیس دەکرێت. دەرفەتەکانیان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە سنووردار دەکات.

لەلایەکی دیکەوە دیدگای (فرێری) یارمەتیدەرە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی پەروەردە بەگشتی. هەوڵی تێپەڕاندنی میتۆدی بانکی یان تەقلیدی دەدات و لەبری ئەوە جێگرەوەکەی بە میتۆدی دیالۆگکاری دیاری دەکات. ئامرازەکانی کاریگەری لەسەر گفتوگۆ و کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێت. فەزای پۆل لەم میتۆدەدا ڕێگە بەقوتابیان دەدات بۆچوونەکانیان دەربڕن و بەشداری لە داڕشتنەوەی زانستدا بکەن. بەمەش چوارچێوەی دیواری پۆل تێدەپەڕێنێت و شۆڕدەبێتەوە بۆ کۆمەڵگا، کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیان دەبێت و تواناکانیان لە پەیوەندیکردن و کاری تیمی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا بەرز دەکاتەوە. ئەم لایەنەش بە بناغەی ڕاستەقینەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قوتابیان دادەنرێت.

**٥. ئەنجام و پێشنیارەکان:**

**١,٥. ئەنجامەکان:**

١- گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی مەبەستدارە: گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تەنها گەشەیەکی بایۆلۆژی یان خۆکرد نییە، بەڵکو پێویستی بە پلان، پاڵنەر و دەستێوەردانی زانستی هەیە بۆ ئەوەی وزە و توانای قوتابیان لە دۆخی چەقبەستوویییەوە بەرەو "قۆناغی بەرهەمداری و سەربەخۆیی" بگوازێتەوە.

٢- گرنگیی تەواوکاریی نێوان کارلێک و دیالۆگ: هەردوو تیۆرییەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە فێربوون کردەیەکی تاکەکەسیی دابڕاو نییە. (ڤیگۆتسکی) پێی وایە گەشەکردن لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کاری بەکۆمەڵەوە ڕوودەدات، لەکاتێکدا (فرێری) پێی وایە هۆشیاری لە ڕێگەی دیالۆگ و ڕەخنەگرتنەوە دروست دەبێت. تێکەڵکردنی ئەم دوانە ژینگەی گونجاو بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی فەراهەم دەکات.

٣- ڕۆڵی نەرێنیی سیستەمی (بانکی) لەسەر کەسایەتیی قوتابی: پەیڕەوکردنی شێوازی وانەوتنەوەی تەقلیدی (بانکی)، کە تێیدا قوتابی تەنها وەرگرە و مامۆستا تاکە سەرچاوەی دەسەڵاتە، دەبێتە هۆی کوشتنی گیانی داهێنان، بێدەنگکردنی قوتابی و دروستکردنی کەسایەتییەکی (پاسیف) و ملکەچ، کە ئەمەش دژ بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

٤- قۆناغی ئامادەیی وەک وەرچەرخان: قوتابیانی ئامادەیی لە قۆناغی هەرزەکاریدان و لە گواستنەوەدان بەرەو پێگەیشتن. ئەم قۆناغە باشترین کاتە بۆ بەکارهێنانی چەمکی ناوچەی گەشەی نزیک (ZPD) ی ڤیگۆتسکی، تاوەکو مامۆستایان بتوانن لە ڕێگەی ڕێنماییەوە قوتابیان فێری بەرپرسیارێتی و چارەسەرکردنی کێشەکان بکەن.

٥- ڕۆڵی مامۆستا وەک کارئاسانکار نەک سەپێنەر: لە دیدگای توێژینەوەکەوە، مامۆستای سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەسەڵاتی خۆی دابەش دەکات، ژینگەی پۆل دەکاتە شوێنی گفتوگۆ، یارمەتی قوتابیان دەدات بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان هەبێت، نەک تەنها زانیارییان پێ بدات.

## 2.5 . پێشنیارەکان:

١- گۆڕینی ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە: پێویستە شێوازەکانی وانەوتنەوە لە قوتابخانە ئامادەییەکان لە (تەلقین) و (لێکدانەوەی یەکلایەنە)وە بگۆڕدرێن بۆ شێوازە چالاکەکان وەک: (فێربوونی هاوبەش، کارکردن بە گرووپ، گفتوگۆی کراوە، و چارەسەرکردنی گرفتەکان)، تاوەکو گونجاو بێت لەگەڵ تیۆرییەکانی ڤیگۆتسکی و فرێری.

٢- بەهێزکردنی پەیوەندیی ئاسۆیی (مامۆستا- قوتابی): پێشنیاز دەکرێت مامۆستایان کار لەسەر شکاندنی بەربەستە دەروونی و دەسەڵاتخوازییەکان بکەن لەگەڵ قوتابیان، پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای ڕێز و هاوبەشی بێت، بۆ ئەوەی قوتابی هەست بە بوونی خۆی بکات و متمانەی بەخۆی هەبێت وەک لە تیۆری دیالۆگی (فرێریدا) هاتووە.

٣- گرنگیدان بە چالاکییە دەرەکی و کۆمەڵایەتییەکان: وەک لە پێناسەی توێژەردا هاتووە، گەشەپێدان تەنها لە ناو پۆلدا نییە؛ بۆیە پێویستە قوتابخانەکان بایەخی زیاتر بە چالاکییە دەرەکییەکان (وەرزش، هونەر، کاری خۆبەخشی، و سیمینارەکان) بدەن بۆ پەرەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتیی قوتابیان.

٤- ڕاهێنانی مامۆستایان: ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان سەبارەت بە چەمکەکانی (پێداگۆژیی ڕەخنەیی) و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی پاڵپشتیی پەروەردەیی(Scaffolding)، تاوەکو بتوانن ڕۆڵی "کلتووری ئۆرگانیک" ببینن نەک تەنها فەرمانبەری.

٥- هاندانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە: پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن بە جۆرێک دابڕێژرێنەوە کە پرسیار لای قوتابی دروست بکەن و هانی بدەن بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەڵایەتیی خۆی، نەک تەنها لەبەرکردنی زانیارییە وشکەکان.

## ليستى سەرچاوەكان:

### سەرچاوە كوردييەكان:

١- Ahmed, H.I., 2025. کاریگەری تیکتۆککەرەکان لەسەر بەهای پەروەردەیی: توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە لە شاری هەولێر:  An Anthropological Study in Erbil. Zanco Journal of Human Sciences, 29(3), pp.218-237.

٢- حمەنجم، سورێن ئەکرەم (٢٠٢٢) . *رۆڵی قوتابخانە لە هۆشیارکردنەوەی قوتابیان لە مەترسیەکانی ئاڵودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان: قوتابخانە ئامادەییەکانی پەروەردەی دەشتی هەولێر بەنموونە* . **گۆڤاری قەڵای زانست**، ٧(1)، ١٦١-187.

٣- ڕەمەزان، حازم عەلی (٢٠٢٥). ئاڵنگاری و پێشکەوتن لە جێبەجێکردنی ڕێبازی فێربوونی خوێندکار سەنتەری لە زانکۆی کۆیە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ٨(٢).

|**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp41-47

٤- زێباری، تاهیر حەسۆ (٢٠١٧). *تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسییدا*، چاپی دووەم، هەولێر: کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.

٥- سەعید، فایق (٢٠٢٠). *تیۆری سۆسیۆکولتووری و پەروەردەی هاوچەرخ*، چاپی دووەم، تاران: چاپخانەی تاران.

٦- سیوەیلی، ئیدریس (٢٠٢٣). مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو، چاپی چوارەم، سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

٧- شارعپور، مەحمود (٢٠٢٣) . *کۆمەڵناسی پەروەردە*، وەرگێڕانی: سوارە سەباح، چاپی یەکەم، هەولێر: ناوەندی فێربوون.

٨- صابر، شەمۆڵ ئاشنی و سعید، بەهات عبدالرزاق (٢٠٢٥). لێهاتویی وانەوتنەوەی مامۆستایانی زانکۆ لە ڕوانگەی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە و پەیوەندی بە پاڵنەری فێربونیان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ٨(١)، ل ل. ٢٥٣ – ٢٦٥.

**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265

٩- فرێری، پاولۆ (٢٠١٥). پێداگۆگی ستەملێکراوان، وەرگێڕانی: جیهان محەمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٠- مصطفى، تەلار احمد؛ مجيد، پەيمان عبدالقادر(٢٠٢٣). بنەما سەرەكييەكانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بەربەرستەکانی، Journal of University of Garmian، 10(2)، ١٠٢٢٠، ٣٢٤-٣٣٨.

١١- لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە(٢٠٢٣). یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق، هەولێر.

١٢ ناصر، ئیبراهیم (٢٠٢٠). زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، وەرگێڕانی: دانا نادر محەمەد، چاپی سێیەم، هەڵەبجەی شەهید: چاپ و بڵاوکردنەوەی هەژار موکریانی.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

١٣- الربيعي، ضياء سعد عبد، والمحنه، علي كريم يونس(٢٠١٧). *المعلم المعاصر: إعداده وتدريبه واستراتيجياته التدريسية* .الطبعة الأولى. عمّان، بغداد: دار الوضاع للنشر، مكتبة دجلة للطباعة والنشر والتوزيع.
١٤- السيف، أحمد، والسياري، خالد، والشمري، عبد الله (٢٠١٩) .*القيم المتضمنة في كتاب باولو فريري «تعليم المقهورين* .«المجلة التربوية لتعليم الكبار – كلية التربية – جامعة أسيوط، ١(٤)، ٧٧–١١٢.
١٥- شلبي، ثروت محمد (١٩٩٩) .*تنمية اجتماعية: برنامج دراسة المجتمع* .المستوى الأول، الفصل الدراسي الثاني. مكان النشر غير معروف: كلية الآداب، جامعة بنها.
١٦- قطاوي، محمد أحمد. (٢٠٠٧). *طرق تدريس الدراسات الاجتماعية* .عمّان: دار الفكر للنشر والتوزيع.
١٧- المسعودي، محمد حسن محمد، والمعموري، خالد جواد رحيم، والسعدي، كريم عبد شهاب، والطفيلي، فاضل عبد حسن (٢٠٢٥) .*استثمار المحتوى المقرر بالتعليم والتدريس: أفكار مصممة للإبداع* .الطبعة الأولى. عمّان: دار صفاء للطباعة والنشر والتوزيع.
١٨- فيروز، ليلى (٢٠٢٠) .*التربية والتنمية الاجتماعية: قراءة في المسارات والتحديات* .المجلة العربية في العلوم الإنسانية والاجتماعية، ١٢(١)، ٨٦٢–٨٧٣.
١٩- حسين، أرام إبراهيم (٢٠١٠) . *دور التخطيط في التنمية الاجتماعية: دراسة ميدانية في إقليم كردستان العراق* .أطروحة دكتوراه غير منشورة، قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل.
٢٠- زيتون، كمال عبد الحميد (٢٠٠٣) .*التدريس: نماذجه ومهاراته* .الطبعة الأولى. القاهرة: عالم الكتب.

**English Refrences:**

21- **Atkinson, M. P., Buck, A. R. & Hunt, A. N.** (2009). Sociology of the college classroom: Applying sociological theory at the classroom level. *Teaching Sociology*, 37(3), 233–244.

22- **Banda, M. & Mutambo, P. P.** (2016). Sociological perspective of the role of the teacher in the 21st century. *International Journal of Humanities Social Sciences and Education (IJHSSE)*, 3(1), 162–175.

23- **Freire, P.** (2005). *Pedagogy of the Oppressed*. 30th ed. New York–London: Continuum.

24- **Hammack, F. M., Ballantine, J., Stuber, J. & Ballantine, J. H.** (2017). *The Sociology of Education: A Systematic Analysis*. 8th ed. New York and London: s.n.

25- **Hirschy, A. S. & Wilson, M. E.** (2002). The sociology of the classroom and its influence on student learning. *Peabody Journal of Education*, 77(3), 85–100.

26- **İlhan, B. T., Alcı, B. & Hastürk, D. G.** (2023). Teachers learning classroom sociology and social justice in primary education: An applied research project. *Journal of Teaching and Learning*, 17(1), 31–51.

27- **Pasqualotto, R. A., Löhr, S. S. & Stoltz, T.** (2015). Skinner and Vygotsky's understanding of resilience in the school environment. *Creative Education*, 6(17), 1841–1851.

28- **Rahmatirad, M.** (2020). A review of socio-cultural theory. *SIASAT Journal of Social, Cultural and Political Studies*, 5(3), 23–31. https://doi.org/10.33258/siasat.v5i3.66

29- **Reis, C. M. B. & Santos, W. S. d.** (2021). Paulo Freire in context: Past and present. *Education Journal*, 10(2), 59–63.

30- **Shih, Y.-H.** (2018). Rethinking Paulo Freire's dialogic pedagogy and its implications for teachers' teaching. *Journal of Education and Learning*, 7(4), 230–235.

31- **Vygotsky, L. S. & Cole, M.** (1978). *Mind in society: Development of higher psychological processes*. S.l.: Harvard University Press.

32- **Weber, M.** (1947). *The Theory of Social and Economic Organization*. New York: Free Press.

List of sources:

Kurdish sources:

1- Ahmed, H.I., 2025. The Impact of TikTokers on Educational Value: An Anthropological Study in Erbil. University Journal of Human Sciences, 29(3), pp.218-237.

2- Hamanjam, Suren Akram (2022). The role of schools in raising awareness among students about the dangers of individual drug addiction: Erbil plain education high schools as an example. Castle Journal of Science, 7(1), 161-187.

3- Ramazan, Hazim Ali (2025). Challenges and progress in implementing a student-centered learning approach at the University of Koya, Koya University Journal of Humanities and Social Sciences, 8(2). |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp41-47

4- Zebari, Tahir Hasso (2017(. Contemporary Theory in Sociology, Second Edition, Erbil: Kurdistan Sociologists and Psychologists Association.

5- Saeed, Faiq (2020). Sociocultural Theory and Contemporary Education, Second Edition, Tehran: Tehran Printing House.

6- Siwayli, Idris (2023). Skilled Teacher and Successful Teaching, Fourth Edition, Sulaimani: Chawarchra Printing House.

7- Sharapour, Mahmoud (2023). Sociology of Education, translated by: Suwara Sabah, first edition, Erbil: Learning Center.

8- Saber, Shamol Ashni and Saeed, Bahat Abdul Razzaq (2025). Teaching competence of university teachers from the perspective of Koya University students and its relationship with their learning motivation, Koya University Journal of Humanities and Social Sciences, 8(1), pp. 253 – 265 .
DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp253-265

9. Frere, Paulo (2015). Pedagogy of the Oppressed, translated by Jihan Mohammed, first edition, Sulaimani: Sardam Publishing House.

10- Mustafa, Talar Ahmad; Majid, Payman Abdulqadir (2023). Core Principles of Social Development and Its Barriers, Journal of University of Garmian, 10(2), 10220, 324-338.

11- A special committee in the Ministry of Education (2023). Education Law in the Kurdistan Region of Iraq, in Publications of the Ministry of Education of the Kurdistan Regional Government of Iraq, Erbil.

12 Nasser, Ibrahim (2020). Educational Sociology Science, translated by: Dana Nader Mohammed, third edition, Halabja Martyr: published by Hazhar Mukriani.

Arabic sources:

13- Al-Rubaie, Zia Saad Abd, and Al-Mahnah, Ali Karim Younis (2017). The contemporary teacher: preparation, training and teaching strategies. First edition. Amman, Baghdad: Dar al-Wada'a Publishing House, Tigris Printing, Publishing and Distribution Office.

14- Al-Saif, Ahmed, Al-Syari, Khalid, Al-Shamri, Abdullah (2019). The contents of the book Paulo Freire "Education of the oppressed". Educational Journal for Adult Education – Faculty of Education – Assyut University, 1(4), 77–112.

15. Shelby, Thrut Mohammed (1999). Social Development: Community Studies Program. Al-Mastawy I, Chapter II. Unknown place of publication: Faculty of Arts, Benha University.

16- Qatawi, Mohammed Ahmad. (2007). Social Studies Teaching Methods. Amman: Dar Al-Fakr for Publishing and Distribution.

17- Massoudi, Mohammed Hassan Mohammed, Al-Mamouri, Khalid Jawad Rahim, Al-Saadi, Karim Abdul Shahab, Al-Tafili, Fazel Abdul Hassan (2025). Using the content of the course in education and teaching: designed ideas for creativity. First edition. Amman: Dar Safa Printing, Publishing and Distribution.

18- Firouz, Lily (2020). Social Education and Development: Reading in the Difficulties and Challenges. Arab Journal in Humanities and Social Sciences, 12(1), 862–873.

19- Hussein, Aram Ibrahim (2010). The Role of Planning in Social Development: A Field Study in Kurdistan Region of Iraq. Unpublished PhD, Department of Sociology, Faculty of Arts, Salahuddin University, Erbil.

20- Zeitun, Kamal Abdul Hamid (2003). Teaching: Prayer and Mastery. First edition. Cairo: World of Books.

**English Refrences:**

21- **Atkinson, M. P., Buck, A. R. & Hunt, A. N.** (2009). Sociology of the college classroom: Applying sociological theory at the classroom level. *Teaching Sociology*, 37(3), 233–244.

22- **Banda, M. & Mutambo, P. P.** (2016). Sociological perspective of the role of the teacher in the 21st century. *International Journal of Humanities Social Sciences and Education (IJHSSE)*, 3(1), 162–175.

23- **Freire, P.** (2005). *Pedagogy of the Oppressed*. 30th ed. New York–London: Continuum.

24- **Hammack, F. M., Ballantine, J., Stuber, J. & Ballantine, J. H.** (2017). *The Sociology of Education: A Systematic Analysis*. 8th ed. New York and London: s.n.

25- **Hirschy, A. S. & Wilson, M. E.** (2002). The sociology of the classroom and its influence on student learning. *Peabody Journal of Education*, 77(3), 85–100.

26- **İlhan, B. T., Alcı, B. & Hastürk, D. G.** (2023). Teachers learning classroom sociology and social justice in primary education: An applied research project. *Journal of Teaching and Learning*, 17(1), 31–51.

27- **Pasqualotto, R. A., Löhr, S. S. & Stoltz, T.** (2015). Skinner and Vygotsky's understanding of resilience in the school environment. *Creative Education*, 6(17), 1841–1851.

28- **Rahmatirad, M.** (2020). A review of socio-cultural theory. *SIASAT Journal of Social, Cultural and Political Studies*, 5(3), 23–31. https://doi.org/10.33258/siasat.v5i3.66

29- **Reis, C. M. B. & Santos, W. S. d.** (2021). Paulo Freire in context: Past and present. *Education Journal*, 10(2), 59–63.

30- **Shih, Y.-H.** (2018). Rethinking Paulo Freire's dialogic pedagogy and its implications for teachers' teaching. *Journal of Education and Learning*, 7(4), 230–235.

31- **Vygotsky, L. S. & Cole, M.** (1978). *Mind in society: Development of higher psychological processes*. S.l.: Harvard University Press.

32- **Weber, M.** (1947). *The Theory of Social and Economic Organization*. New York: Free Press.